ژمارە: ١٥٥٠٥ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

(I SO9001:2015)

العدد:
التأريخ: ١٩/ ٢ / ٢٠٢٤

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی (٢٠٢٤)

## ڕێنمایی فراوانکردن گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان

بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە گوندەکان و هاندانی هاووڵاتیان بۆ زیاتر ڕووکردن لە گوندەکان بۆ بوژانەوەی بواری کشتوکاڵی و زیاتر فراوانکردن و ئاوەدانکردنەوەیان و نەهێشتنی گیروگرفتی گوندەکان و بە مەبەستی دانانی ڕێنماییەکی تایبەت بە فراوان کردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

### پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

١.**وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢.**پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان:** پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان.

٣.**گوند:** شوێنێکە کە کۆمەڵە خەڵکێك تێیدا دەژین و نیشتەجێن و کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون پێك دەهێنن و سنووری دیاریکراوی هەیە.

٤.**فراوانکردنی گوند:** فراوانکردنی حەرەمی ئەو گوندانەی کە پێشتر زەوییان بۆ دیاری کراوە و پەسەندکراوە و شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوانی ڕەسەنی لەسەر نەخشە جێگای نەماوە بۆ ئەوەی خەڵکی گوندەکە خانووی تێدا دروست بکەن بۆ نیشتەجێبوون تێیدا بە بەردەوامی.

٥.**گواستنەوەی گوند:** گواستنەوەی شوێنی ئەو گوندانەی کە بە هۆی باری جوگرافی و کارەساتی سروشتی و پرۆژە ستراتیژییەکان یان هەر هۆکارێکی تر شوێنی گونجاویان نەماوە بۆ نیشتەجێ بوون.

٦.**هێنانەکایەی گوند:** ئەو گوندانەیە کە تا دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بە واقیع بوونیان هەیە و لەسەر نەخشەی کادسترۆ نەچەسپێندراوە.

٧.**چەسپاندنی سنور:** دیاری کردنی حەرەمی ئەو گوندانەی کە پێشتر بوونیان هەبووە لەسەر نەخشە.

### مەرج و ڕێکارەکانی فراوان کردن و گواستنەوەی گوندەکان

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم: مەرجەکان:**

١.شوێنی پێویست نەمابێت بۆ نیشتەجێ بوون لەناو حەرەمی گوند.

٢.فراوان کردن و گواستنەوە لەسەر داواکاری (٢/٣)ی دانیشتوانی خەلکی ڕەسەنی گوندەکە کە نیشتەجێن تێیدا.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق العنوان: إقليم كوردستان-العراق Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd ژ.تەلەفون:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢ www.moi.gov.krd
( burhan ) 13/ 02/ 2024

٣.زەوی پێویست بەردەست بێت کە لەگەڵ حەرەمی گوندەکە هاوسنوور بێت بۆ فراوانکردنی حەرەمی گوند بە مەرجێك گونجاو بێت لە ڕووی تۆپۆگرافی بۆ نیشتەجێبوون.

٤.پێویستە زەوی پێشنیارکراو بۆ فراوانکردن لە جۆری بەردەڵانی بێت، لە کاتی نەبوونیدا دەکرێت سود لە زەوی کشتوکاڵی وەربگیرێت.

**دووەم: ڕێکارەکان:**

١.پێشکەش کردنی داواکارییەکی هاوپێچ کراو بە واژووی (٢/٣)ی نیشتەجێ بووانی ڕەسەنی گوند کە شیانی یاساییان هەبێت لە ڕێگای موختاری گوند بۆ یەکەی کارگێری تایبەتمەند و پێویستە بەڵگەنامەی داواکاران (کارتی نیشتمانی یان ناسنامەی باری شارستانی) هاوپێچ بکرێت.

٢.یەکەی کارگێری تایبەتمەند داواکارییەکە بەرز دەکاتەوە بۆ پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆی تایبەتمەند.

٣.لیژنەیەکی تایبەتمەندی بەردەوام پێك دەهێنرێت لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە سەرۆکایەتی جێگرێکی (پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ) و ئەندامیەتی نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی (کشتوکاڵ، نەخشەدانانی ئاوەدانی، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون، کارەبا، وەبەرهێنان، ئەوقاف و کاروباری ئایینی، گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری، شوێنەوار، نەوت و کانزاکان، گواستنەوە، فەرمانگەی ژینگە).

٤.لیژنەی بەردەوام بۆی هەیە مێوانداری موختار یان سەرۆکی یەکەی کارگێری یان هەر کەس و لایەنێك بکات کە پێویست بێت.

٥.پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ بۆی هەیە هەر ئەندامێکی دیکە کە پێویست بکات بۆ لیژنەی بەردەوام زیاد بکات.

٦.لیژنەی بەردەوام بە پێی پێویست کۆبوونەوەکانی خۆی ئەنجام دەدات و پێشنیارەکان بە (٣/٤)ی ئەندامانی لیژنە دەردەکرێت و لە لایەن پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ پەسەند دەکرێت.

٧.پێویستە ئەندامانی ناڕازیبووی لیژنەی بەردەوام یاداشتی ناڕازیبوون بنووسن و سەرۆکی لیژنە هاوپێچی کۆنووس دەکات.

٨.پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ بۆی هەیە کۆنووسەکە ڕەت بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ لیژنەی بەردەوام.

٩.پێویستە پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ پێش پەسەندکردنی کۆنووس ڕاوبۆچوونی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی وەربگرێت.

١٠.ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگا کارابێت کۆنووس ڕەوانەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکرێت بە مەبەستی دەنگدان و سەبارەت بە ئیدارە سەربەخۆکان ڕاستەوخۆ ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت.

١١.دوای دەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگا لەسەر پێشنیاری کۆنووسی لیژنە و بڵاوکردنەوەی لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە کە تێیدا ژمارەی زەوی فراوان بوونی گوندەکە و ژمارەی کەرت و ناوچەکەی تێیدا دیاری بکرێت بۆ ئەوەی هەر کەسێك تانەی هەبێت پێشکەشی لایەنی پەیوەندیدار بکات بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ.

١٢.دوای دەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگا و بڵاوکردنەوەی پێشنیار لە دوو ڕۆژنامە، لە لایەن پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ ب.گ.دیوان/ ب.کارگێری و سەرچاوە مرۆییەکان بە مەبەستی دەرچوواندنی بەیان ئەگەر گشت ڕێکارەکان ئەنجام درابن.

**سێ یەم:** ئەگەر زەوی پێشنیارکراو کشتوکاڵی بوو و خاوەن زەوی (حق التصرف، گرێبەست و مولك)ی لەسەر بوو و خاوەنەکەی ڕەزامەند نەبوو ئەوا پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی کوژانەوەی بۆ دەکات بە پێی یاسا، و سەبارەت بە زەوی گرێبەست ئەوا گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی و حکومەت قەرەبووی خاوەن زەوی دەکاتەوە.

**چوارەم:بەڵگەنامە پێویستەکان:**



ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق العنوان: إقليم كوردستان-العراق Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیل:info@moi.gov.krd ژ.تەلەفون:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢ www.moi.gov.krd

( burhan ) 13/ 02/ 2024